## بەگەرما و گرانییەوە هات

# ڕەمەزان لە گەرمیان، مانگی پێشوازی شیرینی و وەلاوەنانی تاڵیەکانە

ئا: بڕیار محەمەد

**جیاواز لەڕەمەزانەکانی پێشتر کە تەنیا بەگرانیەوە دەهات، ئەمساڵ ڕەمەزانی گەرمیان گەرمایەکی باشی لەگەڵدابوو، بەڵام دیاردەی کردنەوەی دوکان و گرتنبەری پلانی حکومەتیشی لەگەڵدا بوو.**

بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە دوکاندارەکانی بازاڕی هاوچەرخ لەکەلار بڕیاریاندا تاوەکو سەعات ١٢ی شەو دوکانەکانیان بکەنەوە و قایمقامی کەلاریش بۆ کارئاسانی هاتوچۆکردنی هاوڵاتیان ٢ کاتژمێر بەر لەبانگ ڕێگەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل قەدەغە دەکات.

**بوونی بازاڕێکی گەورە لەشەودا**

هێمن محەمەد وەک دوکاندارێکی بازاڕی هاوچەرخ وتی:"سەرجەم دوکاندارەکانی بازاڕی هاوچەرخ بڕیارماندواە تاوەکو ١٢ی شەو دوکان بکەینەوە، چونکە بەڕۆژ خەڵک ماندووەو توانای گەڕانی کەمە".

عەلی ڕەحیم منداڵێکی جگەرەفرۆشە، پێی خۆشە بەشەو دوکانەکان ئەکرێتەوە و لای وایە گەرمای ڕۆژ ڕێ بە خەڵک نادات هاتوچۆی بازار بکات. جگەرەفرۆشەکە وتیشی:"ئەو بازاڕە بەشەو زیاتر فێنکەو کردنەوەی لەشەودا مایەی خۆشحاڵی خەڵکیە".

**بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل پێش بانگ ڕادەگیرێت**

جەلال نوری قایمقامی قەزای کەلار بڕیاری داوە بەمەبەستی ڕێکخستنی ناوبازاڕی شاری کەلار هێڵی سەرەکی ناوبازاڕ دابخەن، چونکە هاوڵاتیان بۆ کڕینی شمەک دەڕژێنە ناوبازاڕ و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانیش ئەو پێشنیارەیان بۆکردوون. ئەمە لەکاتێکدایە زۆرێک لەشەقامەکانی شار فراوان دەکرێت بۆ ئەوەی بکرێن بەدوو ساید.

ئومێد ئەنوەری هاووڵاتی ئەو پلانەی بەباش وەسف کرد و وتی:"بۆ بەربانگ کردن خەڵکی سەر لە ئێواران پەلە دەکات، لەئاکامی تێکەڵ بوونی خەڵک و ئۆتۆمبیل مەترسی هەیە کارەسات ڕووبدات".

**بەقاڵەکانی کەلار ئەم مانگە بە مانگی شیرینی ناو دەبەن**

"بە بەراورد لەگەڵ مانگەکانی تردا هیچ مانگێک وەک مانگی ڕەمەزان خورمام نەفرشتووە، بەڕاستی مانگی شیرینیە"، ئەمە قسەی سیامەند محەمەدی میوەفرۆشە کە لەناو جەرگەی بازاڕدا سەرقاڵی بەقاڵیە. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ڕووی لێدەکات بۆ کڕینی خورما.

یادگار حوسێنیش کەچاوەڕوانی بانگی دەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژووەکەی بشکێنێت، دەڵێت:"هەموو ئێوارەیەک تەنیا بەخورما بەربانگ دەکەمەوە و لەوەتەی خۆم ناسیوەتەوە بینیومە کەسوکارم و باب و دایکم بە خورما بەر بانگیان کردۆتەوە بۆیە حەقی خۆیەتی بەقاڵەکانی کەلار بەڕەمەزان بڵێن مانگی شیرینی".

**دوورکەوتنەوەی خەڵکی لەتاڵیەکان**

ساڵانە لەگەڵ هاتنی ئەم مانگەدا خەڵکی لەخواردنەوە تاڵیەکان دوور دەکەوێتەوە، کەسێک کە بەهۆی پابەندبوونی بەنەریتی کۆمەڵگەوە، نەیویست ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات و بە (ک،م) ئاماژەی بەناوەکەی کرد، وتی:"ساڵانە لەم مانگەدا واز لەخواردنەوە دەهێنم، چونکە هەست دەکەم جگە لە گوناح کردن بێ ڕێزیش دەکەم بەرامبەر بەم مانگە".

**بەرز بوونی نرخ و پلانی حکومەت**

ئاکۆ محەمەد وەک مامۆستایەک هێمای بۆ ئەوە کرد لەگەڵ هاتنی ڕەمەزاندا نرخی شمەک گران کراوە.

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بازاڕ لەمانگی ڕەمەزاندا لەکەلار لیژنەیەک بۆ چاودێریکردنی بازاڕ پێک هاتووە. جەلال شێخ نوری قایمقامی قەزای کەلار دەڵێت:"قایمقامیەتی قەزای کەلار لیژنەی چاودێریمان پێکهێناوە بۆ چاودێریکردنی بازاڕ هەم بۆ ئەوەی فرۆشیار هاوڵاتی ئیستغلال نەکات".

وتیشی:"با هاوڵاتیان لەبەرز بونەوەی نرخی شمەک ئاگادارمان بکەنەوە".

سەرباری ئەم ڕێ وشوێنانە، بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بەشی چاودێری تەندروستی لەمەڵبەندی خۆپاراستن و ژینگەپارێزی کەلار بۆ چاودێرکردنی خۆراکی بازاڕ دوو تیمی تەندروستی پێک هێناوە.

حەسەن محەمەد بەرپرسی بەشی چاودێری تەندروستی کەلار وتی:"ئێواران و بەیانیان تیمەکانمان خۆراکەکان دەپشکنن، هەست دەکەین خۆراک و شیرینیەکی زۆر دەخرێتە بازاڕەوە".

ئەو بەرپرسە وتیشی:"دەکرێ موتابەعەمان زیاتر بێت نەوەک فرۆشیاران هاتنی ئەم مانگە بەهەل بزانن بۆ گرانکردن و ساغکردنەوەی خۆراکی خراپ و فرۆشتنی بە هاوڵاتیان".


ڕەمەزانی کەلار وەک کەشوهەواکەی گەرمە

# لە کفری گەرەکێک دەبێتە مۆزەنبیق

## "کۆمپانیاکە کڵاوات دەکات و دەیەوێ خزمەتگوزاریەکان بخاتە سەر شارەوانی"


ئاوەڕۆ لە کوی، گوندی ئەڵمانی لە کوێ

زەنگ: تایبەت

**نەبوونی ئاوەڕوو گرفتی سەرەکی گەڕەکەکانی کفری یەوە لەبەر ئەو هۆیەش زەڵکاو وپیسی زۆربەی گەڕەکەکانی داگیر کردووە وهیچ ڕووناکیەک لە ئاسۆدا دیار نیە وسەرۆکی شارەوانی دەڵێ لە بەرنامەی ئەمساڵدایە بەڵام هیشتا سلێمانی پارەی بۆ سەرف نەکردووە.**

زەحمەتە بتوانی وەک ڕێبوارێک بە تەنیشت پرۆژەی شاری ڕووناکی تێبەر ببیت ئەگەر پۆتینێکی قەبەت لە پێدا نەبێ بەهۆی هەبوونی پاشەڕویەکی زۆری ئاو وچڵکاو ودەبەی بەتاڵ وبوتڵی سلیکۆن ئەمە وتەی ڕێبوارێکی ئەو گەڕەکەیە کە زیاتر وتی بەداخەوە ئەم گەڕەکەی ئێمە جاران یەکێک بوو لە گەرەکە هەرە پاکەکانی شار بەڵام ئیستا بۆتە شوینی کۆبوونەوەی پاشەرووی کۆڵانەکانی دەور وپشتی.

بڕوا منداڵێکی ئیسک سوکە کە هانای بۆ ئێمە برد وتی سەیری ئاوی ئەم ماڵە بکەن کە لە خۆڕای دەروات وبۆتە هۆکاری ئەم گۆماوە.

مامۆستا حەسیب کە دانیشتووی ئەو گەڕەکەیە سەبارەت بە حاڵیان وتی:" ژیانمان تاڵ بووە لە دەست مێش وپەخشە وبۆنی ناخۆش".

مامۆستا ئاماژەی بەوەشدا کە چەندین جار سەردانی شارەوانی کردووە کەچی شارەوانی کفری پێیان وتووە ئێوە بەهۆی پرۆژەی شاری ڕووناکی وەهاتان لێی هاتووە بۆیە دەبێ قەرەبوتان بکەن یان چارەسەرێکتان بۆ بدۆزنەوە .

دانیشتویەکی دیکەی ئەو گەرەکە ریگە چارە دەخاتە بەر دەستی حکومەت وەدەڵی:" ئێمە بوینەتە قوربانی ململانێی نێوان کۆمپانیای ناوبراو وشارەوانی بۆیە پێویستە بە ئامێری تایبەت ڕێرەوی جۆگەلەیەک بکێشن نەک کەپماڵی بکەن"

ئارام وتیشی:" گەر حکومەت خۆی دەرەقەدی کۆمپانیایەکی وەها نایەت ئێمەی هاوڵاتی ئەگەر لە دادگاش سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین هیچ سوودی نیە".

سەرپەرشتیاری کۆمپانیای ڕووناکی لە کفری ڕوونی کردەوە کە مرۆڤ دەتوانێ بە چاوی خۆی ببینی کە چۆن دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە ڕۆژانە چەند ئاوی پاک بە فیرۆ دەدەن وبەری دەدەنەوە ودەبێتە هۆکاری دروست بوونی ئەو زەڵکاوە وئێمە ڕۆژانە پاکی دەکەینە کەچی خەڵکی هەر گوێی رایەڵ نین .

دلشاد فازل حاجی ئەمین ئەوەی ڕەتکردەوە کە بە هۆی کۆمپانیاکەی ئەوان ئەو گەرەکانە وەهای لێ هاتبێ وتی:" لە پێش ئێمەش ئەو گەرەکە هەر گەنیابوو وسەرپەرشتیاری وەبەرهێنان کاتێک هات بۆ کفری داوای لە سەرۆکی شارەوانی کرد ئاوەڕوو بۆ ئەو گەڕەکانە بکات چونکە پێویستیەکی زۆریان پێیەتی ".

دڵشاد فازڵ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو چڵکاوە لە ئەزەلەوە بووە وهی ئەوان نیە وتیشی:" ئەو ماڵانەی ئێمە کە بلۆک ٢ وروو دەکەنە ئەوەێ بیرمان کردووە بۆ ئەوەی ئاویان دەرنەچێ " .

دڵشاد روونیشی کردەوە سەرجەم پاشەڕووکان هی ماڵەکانی پشت کۆمیتەیە چونکە ئەو گەرەکانە ئاوەڕووی نیە وهەمووی شۆڕ دەبێتە ولەوەی کۆ دەبێتەوە .

سەرپەرشتیاری پرۆژەی ڕووناکی وتیشی چەندین جار جوگەلەمان بۆ کردووە کەچی پڕ دەبێتەوە چونکە زباڵە وپاشەروو فرێ دەدرێتە ناوی وخەڵکی خۆیان هاوکاری خۆیان ناکەن.

سەرۆکی شارەوانی کفری وتی:"کۆمپانیاکە ئەو ناوەی تێکداوە بۆیە خەڵکی مافی خۆیەتی گللەیی وگازندە بکات سکاڵا پێشکەش بکات دژی کۆمپانیا چونکە گەڕەکی ئەهلی دەوربەری پرۆژەکە زەرەرمەندبوونە"

نەوزادرەشید ئاماژەی بەوەشدا کە کۆمپانیاکە دەیەوەی کڵاوات بکات لەگەڵیاندا چونکە دەیانەوەی خزمەتگوزاری وەک ئاوەڕوو وشتی تر بخاتە سەر شارەوانی لە کاتێکدا کە ئەرکی کۆمپانیاکەیە " سەرۆکی شارەوانی کفری جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە رووبەرێکی فراوانی زەوی دراوە بەو کۆمپانیایە بەڵکو خزمەت بە شارەکە بکات ".

## ئافرەتێک بەفیشەک دەکوژرێ و باوکێکیش کوڕێکی خۆی دەکوژێت

زەنگ-نووسینگەی کەلار-بڕیار

**هەفتەی رابردوو لەئێوارەیەکی دوای بەربانگدا باوکێک لەگەڕەکی شۆڕشی کەلار کوڕەکەی خۆی دەکوژێت و ئافرەتێکیش لەلایەن کەسانی نادیارەوە دەکوژرێت.**

کامەران جاسم ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتی:"ئەو باوکە پیشەی مامۆستایە بەناوی (خ و) و کورەکەشی پێشمەرگەیە. ئێوارەی ٢٦لەسەر ٢٧ی ئەم مانگە بەهۆی دەمەقاڵەوە بەتفەنگ تەقە لە کوڕەکەی دەکات و دەیکوژێت.

کامەران جاسم ئاماژەی بەوە کرد باوکی کوڕەکە بەپێی مادەی ٤٠٥ی یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە. لە ئیفادەکەیدا وتویەتی مەبەستی کوشتنی نەبووە کە تەقەی لێکردوە و پێشتریش چەند جارێک دەمەقاڵەیان هەبووە و هەمیشە کوڕەکە ماڵەوەی خۆیانی بێزار کردوە.

ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان لەکەلار زیادی کردوە، هەر لەهەفتەی رابردوودا ئافرەتێک لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە دەکوژرێت.

سەرچاوەیەک لەبەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار رایگەیاند لەگەڕەکی گازینۆی کەلار ئافرەتێک لەبەرەبەیاندا و دوای دەرچوونی مێردەکەی لەماڵ، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو دەچنە سەری و پاش ئەوەی بەر دەستڕێژی گوللەی دەدەن، دەیکوژن.

پۆلیسی کەلاریش لە لێکۆڵینەوەدایە بۆ سەرەداوی ئەو ڕووداوە.

سەرچاوەکەی بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی کەلار وتی:"ئەو ئافرەتە تەمەنی ٤٢ ساڵەو مێردی هەیە و خاوەنی دوو منداڵە و ماڵیان لەگەڕەکی گازینۆی کەلارە".

سەرچاوەکە رونی کردەوە بەگوێرەی وتەی مێردەکەی، هەموو بەرەبەیانێک پێش خۆرهەڵاتن دەچێت بۆ کرێکاری، ئەو بەیانیەش دوای دەرچوونی لەماڵ ژنەکەی کوژراوە.

هەر لەناو هەفتەی رابردوودا لەکەلار مامۆستایەکی ئافرەت بەناوی پەیام هیدایەت کە باوکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیە لەپەروەردەی گەرمیان بەهۆی سوتانەوە گیانی لەدەستداوە.

## ٣١٤ سەگی بەرەڵڵا لە کەلار لەناوبراوە

# لەمانگی ڕەمەزاندا لەناوبردنی سەگەکان ڕاگیرا

زەنگ-نووسینگەی کەلار

**لەگەڵ هاتنی ڕەمەزاندا لەکەلار هەڵمەتی لەناوبردنی سەگی بەرەڵا ڕادەگیرێت ئەمەش لەکاتێکدایە کەمانگێک بەر لە ڕەمەزان زیاتر لە ٣٠٠ سەگی بەرەڵا لەناو براوەو هەڵمەتی وەستانی لەناوبردنەکەشی کاتیە و دوای جەژن دەستی پێدەکاتەوە.**

ئومێد شێخ لەنگەری لەڕاگەیاندنی شارەوانی کەلار جەخت دەکاتەوە کە بەفەرمانی سەرۆکی شارەوانی لەناوبردنەکەیان ڕاگرتوە و دوای جەژن دەستی پێدەکاتەوە. ئاشکراشی دەکات تیمی ٨ کەسی لەپۆلیس و کارمەندی شارەوانی پێک هاتووە بۆ لەناوبردنیان.

شێخ لەنگەری وتیشی:"بۆپاک و خاوێن ڕاگرتنی شاری کەلار و دەوروبەری ئەو سەگانە لەناو دەبرێن لەلایەن پۆلیس و ٥ کرێکار و نوێنەرێکی شارەوانی

ڕۆژانە دەگەڕێن بۆ لەناودانیان".

ئەو ئاماژەی بەوەش دا، بەر لەمانگی ڕەمەزان ٣١٤ سەگ لەناوبراوە و فڕێدراون .

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی (تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠٢٢٢٦٦) نووسینگەی کەلار: ناو بازاڕ-بینای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٩٣٨٢٤).. لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت
ڕاوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور حەمەی هەیەر نووسینگەی کەلار: شەیما جەمال-بڕیار محەمەد